# وەقایعی کوردستان


رۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەکات

ژمارە (١٠١) چاپی یەکەم سالی نۆیەم ٢٠٠٩/٦/٢٢ ز ١/خەرمانان/٢٧٠٩كوردی ٢٩/جماد الثاني/١٤٣٠كۆچی


Waqaehi Kurdistan

**101**

## لەم ژمارەیەدا :


✱ **یاسای ژمارە ( ٦ ) ی سالی ٢٠٠٩**........................ **ل ١**

یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان- عیراق .

✱ **رێنمایی ژمارە ( ٢ ) / وەزارەتی كشتوكاڵ**........................ **ل ١٠**

تایبەت بە جێ بەجێ کردنی سیستەمی بازنەیی تەواوکەر لە پیشەسازی پەلەوەر .

✱ **رێنمایی ژمارە ( ٢ )ی سالی ٢٠٠٩ / وەزارەتی ژینگە**........................ **ل ١٢**

رێنماییەکانی سندوقی پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان .

✱ **بەیان ژمارە ( ١ )ی سالی ٢٠٠٩ / ئەنجومەنی دادوەری**........................ **ل ١٩**

پێك هێنانی دادگای بەرایی لە ناحیەی پیرە مەگرون سەر بە قەزای دووکان – پارێزگای سلێمانی.

✱ **بەیان ژمارە ( ٥ )ی سالی ٢٠٠٩ / وەزارەتی داد**........................ **ل ٢٠**

ئەنجامدانی ( تحریر تمهیدی ) بۆ مولكی ژمارە ( ٩١ كەرتی ٢٤ كۆك تەپە / سنگاو ).

✱ **بەیان ژمارە ( ٦ )ی سالی ٢٠٠٩ / وەزارەتی داد**........................ **ل ٢٠**

كردنەوەی تێبنەرایەتی خانووبەرە لە ناحیەی چوار قورنە.



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی عەنكاوە باڵەخانەی وەزارەتی داد. .

☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٢٦٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨ )

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com



نرخی ٧٥٠ دینارە

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل

العدد (١٠١) الطبعة الاولى السنة التاسعة ٢٢/٦/٢٠٠٩ م ١/خەرمانان/٢٧٠٩كوردى ٢٩/جماد الثاني/١٤٣٠هـ

في هذا العدد:


- قانون رقم (٦) لسنة ٢٠٠٩ ............ ص ٢٢
  قانون وزارة الداخلية لإقليم كوردستان- العراق.
- تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة البيئة............ ص ١٩
  صندوق حماية و تحسين البيئة في إقليم كوردستان.


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية.................**


- تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة الزراعة............ ص ١٠
- بيان رقم (١) لسنة ٢٠٠٩ / مجلس قضاء ............ ص ١٩
  استحداث محكمة بداءة في ناحية پیرەمەگرون التابعة للقضاء دوكان في محافظة السليمانية.
- بيان رقم (٥ و ٦) لسنة ٢٠٠٩ / وزارة العدل ............ ص ٢٠


No.:101 Date : *June* ,22, 2009 Vol. : 9

العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.
☎ (٢٢٤٥٥١٤ - ٠٧٥٠٤٧٢١٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com
E-mail:rwk@mojkurdistan.com

السعر ٧٥٠ دينار

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرۆکایەتی هەرێم

سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار

ژمارە ( ١٣ ) ساڵی ٢٠٠٩

یاسای ژمارە ( ٦ ) ی ساڵی ٢٠٠٩

یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

بە پێی خاڵی (٢)ی برگەی (یەکەم) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٤) لە ٢٠٠٩/٥/١٨ بریارماندا بە دەرکردنی:

# یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٩
# یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە،ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان . عیراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

سێیەم: وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

چوارەم: بریکاری وەزارەت: بریکاری وەزارەتی ناخۆ.

پێنجەم: یەکەی کارگێڕیی: (پارێزگا . قەزا . ناحیە).

شەشەم: هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ: (پۆلیس . هاتوچۆ . گەشت و ولاتنامە . بەرگریی شارستانی).

ئامانج وئەرکەکانی وەزارەت

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت بەدیهێنانی ئەم ئامانج و ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:.

یەکەم: جێبەجێ کردنی سیاسەتی گشتیی حکومەتی هەرێم و پارێزگاریی یەکگرتنی و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

دووەم: کـارکردن لـە پێنـاوی سـەپاندنی پرنسیپی سـەروەریی یاساو پارێزگـاری کـردن لـە سیستەمی گشتی و پاراستنی سامانی گشتی و تایبەتی.

سێیەم: کـارکردن لـە پێنـاوی پاراسـتن و زامـن کردنـی دەسـتدانە ئازادیـە دیموکراتیـەکان و مافـەکانی مـرۆڤ وبەرجەسـتەکردنی رۆڵـی دەزگاکـانی کۆمـەڵگای شارسـتانی لـە هەرێمدا.

چوارەم: کـارکردن لـە پێنـاوی رێگـەگرتن لـە روودانـی تـاوان و توندوتیـژی لـە دژی ئـافرەت و بەرەنگاربوونەوەی، بە مەبەسـتی بـەدیهێنانی ئاسـایش وسـەقامگیریی و سـەلامەتی گشتیی.

پێنجەم: هاوکاریی وهەماهـەنگی کـردن لـە گـەڵ وەزارەت و دەزگاگشتیە تایبەتمەندەکانـدا لـە بـارەی ئـەو کـارو ئەرکانـەی کـە پەیوەنـدیان بـە پاراسـتنی ئاسـایش و پارێزگـاری کردنی سیسـتەمی گـشتی و هەماهـەنگی کـردن لەگـەڵ وەزارەتـی نـاوخۆی فیـدراڵی یـان هـەر رێکخراوێکـی عیراقـی یـاخود نێودەوڵـەتی لـە چوارچێوەی دەسـەلاتەکانی وزەارەتدا هەیە.

شەشەم: بڵاوکردنەوەی هۆشیاری رۆشنبیریی و ئاسایشی و دروستکردنی کەش و هەوایەکی تەنایی لە نێوان هێزەکـانی ئاسایـشی نـاوخۆ و توێـژە هەمـە جۆرەکـانی کومـەڵگای شارسـتانی و تاکـەکان بـۆ ئاراسـتەکردنیان بـە هاوکـاریی و هەماهـەنگی کـردن لـە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی هاوبەشدا.

حەوتەم: چاودێری کردنی ئـاوارەو کـۆچ پێکراوەکـان و پەنابـەران و کۆشـش کـردن لـە پێنـاوی چـــاککردنی بارودۆخیـــان و پێـــشکەش کردنـــی چارەســـەر وفەراهـــەمکردنی خزمـەتگوزاریی وهەماهـەنگی کـردن لەگـەڵ وەزارەت و لایەنـە پەیوەندیـدارەکان لـە بارەیانەوە.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەت لەمانەی خوارەوە پێکدێ:

یەکەم:وەزیر:

سەرۆکی بالای وەزارەتە و بەرپرسە لە جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی یاساو پێڕەوەکان و دەرچوواندنی رێنمایی وفەرمان و بەیاننامـەکان لە چوارچێوەی ئەرکی کارەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و هـەموو کاروبـارە دارایـی و کارگێڕی و سەربازیی و رێکخستن و هونـەری وبـەدوا داچوونیان و ئاراسـتە کردنیـان وهەماهەنگی کردن لە نێوان دەزگا گشتیەکاندا لە چوارچێوەی سنووری ئەم یاسایە و یاسا کارپێکراوەکانی دیکە و بۆی هەیە هەندێك لە دەستەڵاتەکانی بداتە بریکارەکـانی وەزارەت وســەرۆکی یەکــە رۆکی یەکـــە کارگێڕیی ــەکان و بەڕێوەبەرەگـــشتیەکان و ســـەرۆکی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

فەرمانگـەکان و لەبـەردەم ئەنجومـەنی وەزیرانـدا بەرپرسـپار دەبیٚ، چـونکە ئەنـدامێکی هاوکارە تێیدا.

دووەم:بریکارەکانی وەزارەت:

١-بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٢- بریکاری وەزارەت بۆ کارگێڕیی گشتی.

سەرپەرشــتی هێزەکــانی ئاسایــشی نــاوخــۆ و فەرمــانگەکانی کاروبــاری گــشتی و یەکــە کارگێڕییــەکان و کارگێڕییــە خۆجێییــەکان دەکــەن وئــەو ئــەرك و دەسەڵاتــانەی کــە وەزیــر پێیــان دەســپێری هەڵــدەسووڕێنن بەمــەرجــیٚ دەبــیٚ خــاوەن شــارەزایی ولێهــاتوویی بــن و بــەلای کــەمی خــاوەنی بڕوانــامەی بەرایی زانکۆ بن.

سێیەم: نووسینگەی وەزیــر:

فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە ناونیشانی بەڕێوەبەر یاخود ئەفسەرێك کەپایەکەی لە نـەقیب کـەمتر نـەبیٚ و خـاوەنی بڕوانامـەی بـەرایی زانکـۆ بێـت وچـەند فەرمانبـەر و کارمەندێك یارمەتی دەدەن.

چوارەم: هەردوو نوسینگەی هەردوو بریکــاری وەزارەت:

هــەر بریکـارێکی وەزارەت نووسـینگەی تایبـەتی خـۆی هەیـە و فەرمانبـەرێك یـان ئەفـسەرێك سـەرۆکایەتی دەکـات بـە ناونیـشانی بەڕێوەبـەر و چـەند فەرمانبــەر و کارمەندێك یارمەتی دەدەن.

پێنجەم: راوێژکــاران:

راوێژکاری وەزیر بە پلـەی تایبـەتی دەبیٚ و دەبێت خاوەنی بروانامـەی بـەرایی زانکۆ بێـت لـە بـواری پـسپۆڕییەکەی و بەلایـەنی کەمـەوە (١٥) سـالٚ خزمـەتی بـە کردەنـی هەبێت و خاوەنی شارەزایی و لێهاتوویی بیٚ و لەو مەسەلانەی کە وەزیر بۆی دەنێریٚ مەشوەرەت پێشکەش دەکات و دامەزراندنی بە پێشنیازی وەزیـر دەبیٚ و بەمـەرجێك نابیٚ ژمارەیان لە چوار زیاتر بن.

شەشەم: پـارێزگــارانی هەرێـم:

پارێزگار: فەرمانبەری یەکەمی جێبەجیٚ کردنە لە پارێزگاو بەوەزارەتـەوە دەبەسترێت و پێویستە ئەو یاساو پیڕەوو رێنمایی و فەرمانانە جێبەجیٚ بکات کە لەوەزیرەکانەوە دەردەچـیٚ و سـەبارەت بـە مـاف وخزمـەتی وەزیفـیش بەپلـەی تایبـەتی (بریکـاری وەزارەت) دەبیٚ.

حەوتەم: ئەنجــومەنی وەزارەت:

١- لە دیوانی وەزارەت ئەنجومەنێك پێکدی پێـی دەگوتــریٚ (ئەنجــومەنی وەزارەت) و لەمانە پێك دێت:

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

أ- وەزیر : سەرۆکی ئەنجومەن.
ب- بریکارانی وەزارەت: ئەندامن.
ج- پارێزگاران: ئەندامن.
د- بەڕێوەبەرە گشتییەکان: ئەندامن.
هـ- راوێژکاران: ئەندامن.

٢- ئەنجومەن لێکۆڵینەوە و گفتوگۆدەکات و بڕیارا دەردەبڕێت لە هەموو ئەوانەی کە وەزیر بۆی دەنێرێ.

٣- وەزیـــر بـــۆی هەیـــە بانگهێـــشتی هەرکەســـێك لـــە کارمەنـــدانی وەزارەت یـــان وەزارەتـەکانی تـر بکـات لەوانـەی پـسپۆڕی و شـارەزاییان هەیـە بـۆ ئـەوەی لـە دانیشتنەکە ئامادە بن یاخود بە پێی پێویست.

٤- ئەنجومەن کۆبوونەوەکانی خۆی هەر سێ مانگ جـــارێك دەبەستێ یان لە سەر بانگهێـــشتی وەزیـــــر و بەسەرۆکـــــایەتی ئـــەو و لەکـــــاتی ئامادەنـــەبوونی، بریکـــاری وەزارەت لـە سەرۆکـــایەتی کردنـی دانیشتنەکە جێی دەگرێتـەوە کـە وەزیـــر رای دەسپێرێ.

٥- بڕیارەکانی ئەنجومەن لە رۆژی دەرچوونیانەوە بەرکارن.

هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان:

فەرمانبەرێك بەڕێوەی دەبات بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکـۆ بێـت وخـاوەن شـارەزایی و لێهـاتوویی بـێ و ئـەم بەڕێوەبەرایەتیانـەی پێـوە دەبەسترێت:

١-بەڕێوەبەرایەتی کـارگـــێڕیی.
٢- بەڕێوەبەرایەتی خۆیەتی.
٣- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریـــــاریی.
٤- بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون.
٥- بەڕێوەبەرایەتی میرە وئالـــیات.
٦- بەڕێوەبەرایەتی راگەیـــاندن و پەیوەندییەکان.
٧- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و چـــاودێری.
٨- بەڕێوەبەرایەتی تەکنولۆجـــیای زانـــیاریی (بانــکی زانیاریی).

نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی نـــاوخۆ:

فەرمانبـەرێك بـە پلـەی بەڕێوەبـەری گـشتی بـەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامـەی بـەرایی زانکـۆ هەبێ یاخود ئەفسەرێك بێت لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ پایەکەی لە عەقید کەمتر نەبێ و بڕوانامـــەی بـــەرایی زانکـــۆی هـــەبێ و خـــاوەن شـــارەزایی و لێهـــاتوویی بـــێ وئـــەم بەڕێوەبەرایەتـــیانەی پێوە دەبەسترێت :

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

١- بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵە و ڕێکخـــراو و حزبەکـــان.
٢- بەڕێوەبەرایەتی کاروبـــاری نهێنی و پەیوەندییە تایبەتیەکان.
٣- بەڕێوەبەرایەتی ئاراستەکـــردن و رابەری کـــردنی مەعنەوی.
٤- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی تاوانە ڕێکخراوەکـــان.
٥- بەڕێوەبەرایەتی مەشق وشیاندن و لیکۆڵینەوە و لێتۆژینەوەکـــان.
٦- بەڕێوەبەرایەتی هەمـــاهەنگی و پەیوەندییە هەرێمیەکـــان.

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کارگێڕیی خۆجێیەتی:**

فەرمانبـەرێك بە پلـەی بەڕێوەبـەری گشتی بـەڕێوەی دەبات کە خاوەن بڕوانامـەی بـەرایی زانکۆ بێت و شارەزایی و لێهاتووی هەبێ و ئەمانەی خوارەوەی پێوە دەبەسترێت:

١- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی وخۆیەتی.
٢- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی.
٣- بەڕێوەبەرایەتی موڵکەکان.
٤- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و چاودێری.
٥- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پرۆژە و دیزاینەکان.
٦- بەڕێوەبەرایەتی پلان و بەدواداچوون.
٧- بەڕێوەبەرایەتیەکانی خۆجێیەتی لە پارێزگاکانی هەرێمدا.

**یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەت:**

فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبـەری گشتی بـەڕێوەی دەبات کە بڕوانامـەی بـەرایی زانکۆی هەبێ و خاوەن شارەزایی و لێهاتووی بێ.

**دوازدەم: دەستەی پشکنینی کارگێڕی:**

فەرمانبـــەرێك لـــە پلـــەی بەڕێوەبـــەری گـــشتی بـــەڕێوەی دەبـــات کـــە خـــاوەن شـــارەزایی و پـــسپۆری بـــێ و بڕوانامـــەی بـــەرایی زانکـــۆی هـــەبێ، ژمارەیـــەك لـــە پـــشکێنەران یارمـــەتی دەدەن و دەســـتە تایبەتمەنـــدە بـــە پـــشکنینی یەکـــە کارگێڕیـــەکان و فەرمانگـــە و بەڕێوەبەرایەتیـــە گـــشتیەکان و ئـــەو بەشـــانەی ســـەر بـــە وەزارەتـــن جگـــە لە فەرمانگەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ.

**سێزدەم: مەڵبەندی پەرەپێدانی کـــارگـــێڕیی:**

کـــادیری کـــارگێڕیی و ســـەرۆکی یەکـــە کارگێڕییـــەکان ئامـــادە دەکـــات وئاســـتی کارکردنیـــان و توانـــا زانـــستی و کـــارگێری و ڕێکخـــستن و هونەریـــەکانیان بـــەرز دەکاتەوە و کاروباری مەڵبەند بە پێڕەوێك ڕێکدەخات.

**چواردەم: بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ:**

ئەفسەرێکی پۆلیس بەڕێوەی دەبات کە پایەی لە رائید کەمتر نەبێ و خاوەن شـارەزایی و لێهـاتووی بـێ لـە بـواری کـاری لـە هێزەکـانی ئاسایـشی نـاوخۆ و لـە بارەگاکـەی وەزارەتـدا دەبـێ و ئەرکـەکانی لـە هەماهـەنگی کـردن لـە نێـوان بەڕێوەبەرایەتیـە

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

گشتييەكانى هێـزى ئاسايـشى نـاوخۆ و فەرمانگـەكانى سـەر بـە بريكـارى وەزارەت بـۆ كاروبارى هێزەكانى ئاسايشى ناوخۆ ديارى دەكرێن.

**پازدەم: فەرمـانگەى ياســـايى:**

فەرمانبـەرێك سـەرۆكايەتى دەكـــات بـە پلـەى بەڕێوەبـەر يـان ئەفـسەرێك كەبڕوانامـەى بەرايى زانكۆى لە ياسادا هەبىٚ و شـــارەزايى و لێهاتوەكەى لە (دە) ســـالٚ كەمـــتر نـەبى لە بوارى پسپورى بە وەزيـــرەوە دەبەسترێتەوە.

**شازدەم: بەڕێوەبەرايەتى گشتى پۆلـيس:**

١-بەڕێوەبـەرێكى گـشتى خـاوەن شـارەزايى وپـسپۆڕى لـە كارەكـەى خـۆى بـەڕێوەى دەبـات كـە بڕوانامـەى بـەرايى زانكـۆى هـەبىٚ و لـە ئەفسەرەكانى هێـزى ئاسايـشى نـاوخۆ بێـت و پايەكـەى لـە عەميـد كـەمتر نـەبىٚ و دوو ياريـدەدەر يارمـەتى دەدەن كەپايـەيان لـە رائيـد كـەمتر نـەبىٚ و پاراسـتنى سيـستەمى گـشتى دەگرێتـە ئەسـتۆ لەگەلٚ پيادەكردنى سەروەريى ياسا و هەر چى پەيوەنديدار بىٚ بە كاروبارى پۆليس و بارەگاى گشتى بەريوەبەرايەتى گشتى پۆليس لەم بەڕێوەبەرايەتيانە پێكدىٚ:

أ- بەڕێوەبەرايەتى تاوان و جموجۆل.

ب- بەڕێوەبەرايەتى كارگێڕيى.

ج- بەڕێوەبەرايەتى فەرمانگەى ياسايى.

د- بەڕێوەبەرايەتى ژمێريارى.

ه-بەڕێوەبەرايەتى وردبينى وچاودێرى.

و- بەڕێوەبەرايەتى ئامـار.

ز-بەڕێوەبەرايەتى پلان و بەدواداچوون.

ح- بەڕێوەبەرايەتى مەشق وشياندن.

ط- بەڕێوەبەرايەتى بەدواداچوونى توندوتيژى دژى ئافرەت.

٢-هەروەها ئەم بەڕێوەبەرايەتيانەشى پێوە دەلكىٚ:

أ- بەڕێوەبەرايەتيەكانى پۆليسى پارێزگاكان.

ب- بەڕێوەبەرايەتيەكانى بەرگرى شارستانى لە پارێزگاكاندا.

ج- بەڕێوەبەرايەتى پۆليسى كارەباى هەرێم.

د- بەڕێوەبەرايەتى پۆليسى پاراستنى دارستانەكان وژينگە لە هەرێمدا.

ه- بەڕێوەبەرايەتى پاراستنى دەزگاكانى نەوت.

و- بەڕێوەبەرايەتى ساغكردنەوەى بەلٚگەكانى تاوان لە هەرێمدا.

ز- بەڕێوەبەرايەتى موخابەرەى پۆليس.

ح- بەڕێوەبەرايەتيەكانى بەرگرى شارستانى لە فڕۆكەخانەكان.

ط- بەڕێوەبەرايەتى پۆليسى چالاكيیە شارستانيەكان لە هەرێمدا.

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقائعى كوردستان لە سايتى وەزارەتى داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**حەڤدەم: بەڕێوەبەرایەتی گەشت و ولاٚتنامەی گشتی:**

١- ئەفسەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی لە ئەفسەرەکانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ بەڕێوەی دەبات کە پایەکەی لە عەمید کەمتر نەبیٚ و بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبیٚ و خاوەنی شارەزایی وپسپۆڕیی بیٚ لە بواری کارەکەی و دوو یاریدەدەر یارمەتی دەدەن کەپایەکەیان لە رائید کەمتر نەبیٚ و هەموو کاروبارێکی پەیوەست بە رەگەزنامە و باری شارستانی و نشینگە و پاسپۆرت لە سنووری یاسا جێبەجیٚ کراوەکان دادەگرێتە ئەستۆ و بارەگـــای گشتی لەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێکدیٚ:

أ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری رەگەزنامە.

ب- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پاسپۆرتەکان.

ج- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری نشینگە.

د- بەڕێوەبەرایەتی باری شارستانی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی.

و- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی وخۆیەتی.

ز- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری.

ح- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و چاودێری.

ط- بەڕێوەبەرایەتی ئامار.

٢- ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەشی پێوە دەبەسترێتەوە:

أ- بەڕێوەبەرایەتیەکانی رەگەزنامە و بـــاری شارستانی لە پارێزگاکاندا.

ب- بەڕێوەبەرایەتیەکانی پاسپۆرت لە پارێزگاکاندا.

ج- بەڕێوەبەرایەتیەکانی نشینگە لە پارێزگاکاندا.

**هەژدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی هـاتووچۆ:**

١- ئەفسەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی لە ئەفسەرەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبیٚ و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕی بێت لە بواری کارەکەی و پایەکەی لە عەمید کەمتر نەبیٚ و دوو یاریدەدەر یارمەتی دەدەن کە پایەیان لە رائید کەمتر نەبیٚ وپیادەکردنی یاسا و پێڕەو و رێنماییەکانی هاتوچۆ دەگرێتە ئەستۆ و جوولانەوەی رۆیشتن و ئەندازەی هاتووچۆ رێکدەخات و لەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێکدیٚ:

أ- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هونەریی.

ب- بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی هاتووچۆ.

ج- بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕیی خۆیەتی.

د- بەڕێوەبەرایەتی فەرمانگەی یاسایی.

هـ- بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

و- بەڕێوەبەرایەتی وردبینی و چاودیری.

ز-بەڕێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچوون و ئامار.

ح- بەڕێوەبەرایەتی میرە وئالیات و موخابەرە.

٢- بەڕێوەبەرایەتیەكانی هاتووچۆی پارێزگاكانی پێوە دەبەسترێت.

**نۆزدەم: دەستەی پشكنینی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ:**

ئەفسەرێك بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات كەپایەكەی لە عەمید كەمتر نەبێ و خاوەن شارەزایی وپسپۆڕی بێ لە بواری كارەكەیدا و خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانكۆ بێت و ژمارەیەك لە پشكێنەران لە گەورە ئەفسەرانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ یاریدەی دەدەن و تایبەتمەند دەبێ بە پشكنینی هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و فەرمانگە سەربازییەكانی دیكە كە بە وەزارەتەوە بەستراون.

**بیستەم: دادگـا هەمیشەییەكانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ:**

بە فەرمانی وەزیر دادگایەك لە سەرۆكی دادگا پێك دێ كەپایەكەی لە عەمید كەمتر نەبێ و بەلانی كەم دە ساڵ شارەزایی هەبێ و دوو ئەندامی بنەڕەتیش كەپایەكەیان لە عەقید كەمتر نەبێ و ئەندامێكی یەدەگیش بە هەمان پایە و داوا كارێكی گشتیش كە پایەكەی لە نەقیب كەمتر نەبێ و مەرجە هەر هەموویان لە ئەفسەرانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ و خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانكۆ لە یاسا بن و، پسپۆڕایەتی ئەم دادگایەش بینینی هەموو ئەو تاوانانەیە كە دەدرێتە پاڵ ئەفسەرو كارمەندانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و یاسا سزاییەكان و ئسوڵی تایبەت بە هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ و یاسا سزاییەكانی دیكەو ئسوڵی دادگا سزاییەكانیان دەرهەق جێبەجێ دەكرێ و بڕیارەكانیشی دەكەونە بەر چاودێری و وردبینی دادگای پێداچوونەوەی(تمییز) هەرێمی كوردستان ـ عیراق و دەرماڵەی دادوەرانیش بۆ سەرۆك و ئەندامی دادگاو دەرماڵەی داواكارانی گشتیش بۆ داواكاری گشتی خەرج دەكرێ.

**بیست ویەكەم: نووسینگەی كـۆچ كـردن و كـۆچ پێكـــراوان:**

راستەوخۆ بە وەزیرەوە دەبەسترێ و بەڕێوەبەرایەتیەكانی كـۆچ كـردن و كـۆچ پێكراوەكان لە پارێزگاكانی هەرێمیان پێوە دەبەسترێت.

**بیست ودووەم: كـۆلێجی پۆلـــیس:**

( عەمیدی كۆلێج ) بەڕێوەی دەبات كە بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بێ و راستەو خۆ بە وەزیرەوە دەلكێ، بە مەرجێ ئەفسەری پۆلیس بێ و پایەكەی لە عەقید كەمتر نەبێ و كاروبارەكانی بە پێڕەوێكی تایبەت ریكدەخرێن.

**ماددەی چوارەم:**

**یەكەم:** ئەرك و تایبەتمەندییەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێڕەو دەستنیشان دەكرێن.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یا بەش یا بنکە یان هۆبە لە کاتی پێویست لە نوێژەن دابنێ یا لێك بدات یا خود لێکیان بترازێنێ یان بە یەکیان ببەسێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی شەشەم:**

یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ژمارە (٩) ی ساڵی ١٩٩٣ و هەموارکراوەکانی و یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٠ هەڵدەوەشێنەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**

١٢/ جۆزەردان/ ٢٧٠٩ ی کوردی

٩/ جمادی الثاني / ١٤٣٠ ی کۆچی

٢/حوزەیران / ٢٠٠٩ ی زایینی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

# وەزارەتی كشتوكاڵ

**ژمارە : ٥٦١٢ لــە ٢٠٠٩/٦/٤**

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )
## تایبەت بە جێ بەجێ كردنی
## سیستەمی بازنەیی تەواوكەر لە پیشەسازی پەلەوەر

بەمەبەستی ڕێكخستنی ئیش و كاری پڕۆژەكانی پەلەوەری گۆشت بۆ بەرەو پێش بردنی ئەوكەرتەو گەیشتن بەقۆناغی تێراخۆری لەگۆشتی مریشكو بەهێزكردنی ژێرخانی ئابووری كوردستان و دۆزینەوەی هەلی كاری زیاتر بۆ هاوڵاتیان، بڕیارماندا بەپەیڕەوكردنی سیستەمی بازنەیی تەواوكەر لەپیشەسازی پەلەوەر لەهەرێمی كوردستان بەپێ ی ئەم مەرج و ڕێنماییانەی خوارەوە:

١- بەخێوكردنی مریشك لە ناو هۆڵەكان بۆماوەی (٤٢) چــل و دوو ڕۆژ یان كە كێشی مریشك دەگاتە ٢ كیلۆ و ماوەی نێوان دوو وەجبە (٦٠) شەست ڕۆژ دەبێت.

٢- مۆڵـەتی كـاركردنی گروپـەكان لەلایـەن وەزارەتـی كـشتوكاڵ/ ب. سـامانی ئـاژەڵ دەردەچـێت پـاش ووردبین كردن و بەرزكردنەوەی داواكاری یەكان لەلایەن ئەنجومەنی باڵای پیشەسازی پەلەوەر.

٣- ئیجرائاتی توند لەگەڵ ئەو پڕۆژانە دەكرێت كەسەرپێچی دەكەن لـەجێ بـەجێ كردنـی ڕێنماییـەكان لەناوەوەو دەرەوەی ئەم سیستەمە.

٤- وزەی هـەرگروپێك لـەنێوان (٣٠٠,٠٠٠ - ٦٠٠,٠٠٠) جوجكـە/ وەجبـە دەبێـت و لـەكاتی پێویـست چاو بەو وزەیـە دادەخشێنرێتەوە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەقەرزەكە. بڕی قەرزی دیاری كراو بۆهەرگروپێك لەلایەن وەزارەتی كشتوكاڵ بەهەماهەنگی لەگەڵ دەستەی پیشەسازی پەلەوەر دیاری دەكـــرێت.

٥- ئەنجومـەنی بـاڵای پیـشەسازی پەلـەوەر/ دەسـتەی پیـشەسازی پەلـەوەر بەرپرسـە لەڕێكخـستنی سەرپەرشـتی كردنـی كـاری گروپـەكانو چارەسـەركردنی ئەوكێشەو گیروگرفتانـەی كەلـەكاتی جێ بەجێ كردنی ئەم سیستەمە ڕوودەدەن بەشێوەیەكی دادپەروەرانە و لەلایەن لیژنەیەكی تایبەت.

٦- دیـاری كـردن و هـاوردنی بـەروبوومی پەلـەوەر و مریشكی بەستووی بیانیو پێداویستیەكانی تـری بـەخێوكردن وەك (جووجەلـە، هێلكـەی تروكانـدن وە ئالیـك) بۆنـاو هـەرێم بەهەماهـەنگی لـەنێوان وەزارەتـی كـشتوكاڵو پارێزگاكـانو دەسـتەی پیـشەسازی پەلـەوەر دەبێـت بـە پـشت بەسـتن بـە بڕی عەمباركراو و دەست كەوتنی لە ناوخۆ.

٧- ڕێنماییەكانی پێدانی مۆڵەتی كاركردنی گروپەكان:

أ- دەبێت داواكار عێراقی بێت و لە دانیشتوانی هەرێمی كوردستان بێت و خاوەنی شارەزایی بێت لەم بوارە و ئەندام بێت لەكۆمەڵەی كوردستان بۆ بەخێوكردنی پەلەوەر .

ب- گروپ پێك دێت لە یەك كەس (كۆمپانیا) یان چەند كەسێك (چەند كۆمپانیایـەكی تایبـەت) كە بازنەكانی تەواوكاری پێك دێنن لە پیشەسازی پەلەوەر (كێڵگەی دایكانە ، هەڵهێنەر ، كارگەی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

ئاليك ، كوشتارگە) وە دەبێت ئەو بەڵگەنامانە پێشكەش بكرێت كە خاوەنداريەتی بۆ ئەو ئەلقانە دەسەلمێنێت وەيان بەكرێ گرتنی بە پێ ی گرێ بەستی ياسايی.

ت- گروپ پابەند دەبێت بە دابين كردنی جوجكە و ئاليك و دەرمان و ڤاكسينی زۆر باش و سەرپەرشتی كردن بۆ ئەو كێڵگانەی كە گرێبەستی لەگەڵيان هەيە و دەبێت مريشكەكان لە كاتی دياری كراو هەڵبگرێت و لە كوشتارگەكانی ناو هەرێمی كوردستان سەرببڕێن.

پ- هەرگروپێك پێويستە يەكەيەكی تەكنيكی هەبێت بۆ سەرپەرشتی كردنو ڤاكسين كردنو چارەسەركردنی نەخۆشيەكان، ئەويەكەيە پێويستە پێك هاتبێت لەتاقيگەيەك بۆ شيكردنەوەی نەخۆشيەكان و لايەنی كەم (٣) پزيشكی ڤێترنەری تێدا بێت لەگەڵ هەبوونی يەك سەرپەرشتياری كشتوكاڵی بۆ هەر (٥) كێڵگە.

ج- هەر گروپێك تۆماری (سجل)ی تايبەتی هەبێت بۆ هەر كێڵگەيەك بۆ تۆماركردنی لايەنەكانی تەكنيكی وتەندروستی وبەڕێوەبردن،وەزارەتی كشتوكاڵ و دەستەی پيشەسازی پەلەوەر بۆيان هەيە لە هەر كاتێك پشكنين و ووردبين لە سەر ئەم تۆمارانە ئەنجام بدەن كە پەيوەستە بەم سيستەمە .

ح- كارپێكردنی كاديرانی ناوخۆ . تەنها لە كاتی نەبوونی كاديری پێويست لە ناو هەرێمی كوردستان ، دەكرێت سوود لە كاديرانی دەرەوەی هەرێم وەربگيرێت دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دەستەی پيشەسازی پەلەوەر .

خ- لە سەرگروپ پێويستە خولی مەشق و ڕاهێنان بكاتەوە بۆ كاديرەكانی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی كشتوكاڵ و دەستەی پيشەسازی پەلەوەر .

د- هەر گروپێك بەڵێن نامەيەك بدات لە دادنووس كە پابەند دەبێت بەو پێوەرە ستاندەرانە و بە نرخی گۆشتی مريشك و ئەو ڕێنماييانەی دەربارەی نرخ دەردەچن لە لايەن دەستەی پيشەسازی پەلەوەر و چاوخشاندنەوە بەو نرخانە حەفتانە و بڵاوكردنەوەی لە دەزگاكانی ڕاگەياندن .

ژ-جێ بەجێ كردنی و پابەندبوون بە ڕێنمايی دارايی حكومەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (١١) لە ٢٠٠٩/٣/١٩ تايبەت بەم سيستەمە.

ر-هەرگروپێك شوێنێكی دياری كراوی هەبێت تايبەت بەگروپەكە و تابلۆی هەبێت ئاماژە بە ناوی گروپەكە بكات لەگەڵ هەبوونی ژمارەی تەلەفۆن و پۆستی ئەلكترۆنی E-Mail .

ز-ئەو يەكەو كێڵگانەی كەلەناو گروپەكە كاردەكەن دەبێت مۆڵەتی كاركردنيان هەبێت و نوێ كرابێتەوە لەبەڕێوەبەرايەتی سامانی ئاژەڵی پارێزگاكان.

س- ئەو يەكەو كێڵگانەی كەلەناو گروپەكە كاردەكەن مۆڵەتی تەندروستيان هەبێت و نوێ كرابێتەوە لەبەڕێوەبەرايەتی بەيتەرەی پارێزگاكان.

ش- ئەگەر يەكێك لەوئەلقانەی كەگروپەكەيان پێك هێناوە مۆڵەتی نەبوو، لەلايەن ليژنەی تايبەت لەپارێزگاكان پشكنينی بۆ دەكرێت پاش دڵنيابوون لەهەبوونی مەرجەكانی هونەری و تەندروستی بواری كاركردنی پێ دەدرێت.

ئەرشيفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

ص- چارەسەرکردنی پاشماوەی کێڵگەکان بە شێوەی زانستیانە بە پێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ژینگە .

چ- گرێ بەستی یاسایی نێوان خاوەن کێڵگەی پەلەوەری و کرێ گرتە ( ئەگەر کێڵگەکە بەکرێ گیرابوو)

گ-گرێ بەستی یاسایی لەنێوان گروپ و ئەوپڕۆژانەی کەکار لەگەڵی دەکەن وێنەیەك لەگەڵ داواکاریەکە بەرزبکرێتەوە.

٨-کارکردنی نێوان گروپ و کێڵگەکانی پەلەوەر بە پێ ی ئەو گرێ بەستە دەبێت کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە.

٩- هەر پڕۆژەیەکی پەلەوەر بۆی هەیە بێتە ناو ئەم سیستەمە و ئەو پڕۆژانەی لەدەرەوەی ئەم سیستەمە کار دەکەن هەمان ڕێنماییەکانی ئەم سیستەمەیان لە سەر جێ بەجێ دەکرێت.

١٠-توند و تۆڵ کردنی ئاسایشی زیندەگی (Bio-Security) پڕۆژەکان لە رووی دروست کردنی پەرژین و شوێنی خۆشوشتن و تعقیم کردنی ئۆتومبێل و کەسەکان. ڕەچاوی ئەم خاڵە بکرێت لە کاتی پێدانی مۆڵەتی تەندروستی بۆ هەر پڕۆژەیەك.

١١- ئەم سیستەمە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم فەرمانە.

**وەزیـری کـشـتـوکـاڵ**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

## وەزارەتـــی ژینگە

ژمارە : ١٠٣٧ لـــە ٢٠٠٩/٥/٢٨

# ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩
# ڕێنماییەكانی سندوقی پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان

ئێمە ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان:

بە پشت بەستن بە حوكمەكانی مادەی ( دەیەم ) لە یاسای پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٨، وە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی مادده ئاماژە پێكراوەكە لە خۆی گرتووە، بە پێی ئەو دسەڵاتەی پێماندراوە ،بەپێی برگەی ( چوارەم ) لە ماددەی دەیەم بۆ دیاری كردنی ڕێوشوێنی  تایبەت بە پێكهێنانی سندوقی پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان و سپاردن و هەڵگرتن و خەرج كردن و ئەو بوارانەی داراییەكەی تیا خەرج دەكرێت ئەمانەی خوارەوەمان راگەیاند:

**ماددەی یەكەم :**

**پێناسەكان**

ئەم وشانەی خوارەوە لە هەر شوێنێكی دەقەكانی ئەم ڕێنماییەدا هاتبێ، ئەو مانا تایبەتیانە دەگەیەنێت كە لە خوارەوە بۆی دیاری كراوە ئەگەر هیچ ئاماژەیەك نەبێت بۆ مانایەكی دیكە:

١- هەرێم : هەرێمی كوردستانی عێراق.

٢- سەرۆك : سەرۆكی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقی پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان.

٣- جێگری سەرۆك : بریكاری وەزارەتی ژینگەیە ( یان بریكاری هونەرییە لە كاتێكدا ئەگەر وەزارەت زیاتر لە بریكارێكی هەبوو ) لە كاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك جێگای دەگرێتەوە.

٤- ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقی پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان.

٥- سندوق :  سندوقی پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان.

٦- بەڕێوەبەری گشتی : بەڕێوەبەری گشتی سندوق.

٧- دەزگای راپەڕاندن: پێكهاتە ئیداری و دارایی وهونەرییەكانی سندوق.

٨- كۆبونەوە: هەر كۆبونەوەیەكە ( ئاسایی و نائاسایی ) كە ئەنجوومەن گرێی دەدات.

٩- پشتیوانەكان : ئەوانەی بڕی گەورە ی پارە دەبەخشن ، كە دواتر ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژینگە دیاری دەكات.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی دووەم :**

**ئامانجەکانی سندوق**

داهاتــەکانی ســندوق بــە پێــی ئەولــەویاتی ژینگــەیی تایبــەت دەکــرێ بــۆ بــە دیهێنــانی ئــەم ئامانجانەی خوارەوە:

١- کۆمەك کردنی پرۆژە ژینگەییە بەردەوامەکان.

٢- کۆمەك کردنی ئەو چالاکییانەی بەشداری لە پاراستنی ژینگەدا دەکەن.

٣- هاندانی داهێنان و دۆزینەوە لە بوارە ژینگە ییەکاندا.

٤- کۆمەك کردنی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی کە ئامانجیان هێنانەدی بەرهەمی پاکترە.

٥-بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و پەروەردەی ژینگەیی لە ناو سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگەدا.

٦- کۆمەك کردنی کۆمەڵە ژینگەییە ناوخۆییەکان.

٧- کۆمــەك کردنــی ئــەو دەســت پێــشخەرییانەی ئامانجیــان رێنمــایکردنی بــەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانە بەو شێوەیەی پەرەپێدان بەردەوام بەدی بهێنێت.

٨- هاندانی وەبەرهێنان لە بواری تەکنەلۆجیاکانی دۆستی ژینگە.

٩- رووبەڕوبونەوەی کارەساتە ژینگەییەکان.

١٠- دامەزراندن و بە ڕێوەبردنی ناوچە پارێزراوەکان.

١١- دامەزراندن و دانان و بە کارخستنی تۆڕەکانی چاودێری ژینگەیی.

١٢- راهێنان و ئامادەکردنی کادری ژینگەیی.

١٣- هەر جۆرە چالاکییەکی تر کە ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە پێی وایە خزمەتی ئامانجەکانی سندوقەکە دەکات.

**ماددەی سێیەم :**

یەکـەم: پێکهاتەیـەك لـە هـەرێم بـە نـاوی سـندوقی پاراسـتن و چـاککردنی ژینگـە لـە هـەرێمی کوردسـتان دا پێکـدەهێنرێت وە سـەرۆکی ئەنجومـەنی پاراسـتن و چـاککردنی ژینگـە ئەنــدامانی ئەنجومــەنی بــەڕێوەبردنی ســندوقەکە دیــاری دەکــات دوای رازی بــونی زۆرینەی ئەندامەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوق.

٢- سـەرۆك یـەکێك لـە بەڕێوەبـەرە گشتیەکان لـە وەزارەتـی ژینگـە رادەسـپێرێت بـۆ ئەرکی بەڕێوەبردنی سندوقەکە سەرەڕای کارەکەی خۆی.

٣- چوار ئەندام لەو وەزارەتانەی ئەندامن لە ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە پلەیەك کە لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.

٤- نوێنەرێك لەو رێکخراو و کۆمەڵە ناحکومییە ناوخۆییانەی کە بایەخ بە ژینگە دەدەن و ئەنجومەن دیاری دەکات.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٥- نوێنەرێك لە كەرتی تایبەت / بە هەماهەنگی لە گەڵ لایەنە پەیوەندی دارەكان دیاری دەكرێت.

٦- نوێنەرێك یا زیاتر لە پشتیوانەكان ( ئەندامی فەخرین ).

دووەم: لە كاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك جێگرەكەی شوێنی دەگرێتەوە.

سـێیەم: سـەرۆك مـاف ئـەوەی هەیـە یـەكێك لـە فەرمانبـەرانی وەزارەتەكـەی دیـاری بكـات بـۆ ئامادەبوون - بە شێوەیەكی هەمیشەیی- لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن وەك سكرتێر بە بێ ئەوەی ماف دەنگ دانی هەبێت.

چـوارەم: ئەنجومـەن بـۆی هەیـە بانگهێـشتی هەركەسـێكی شـارەزا و پـسپۆر بكـات بـۆ سـوود وەرگرتن لە راو بۆچوونی.

پێنجەم: كۆبونەوەكانی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوق مانگانە دەبێت، دەكرێ كۆبوونـەوەی نائاسایی گرێ بدرێت لە كاتی پێویستیدا.

شەشـەم: بڕیارەكـان بـە زۆرینـەی دەنگ دەردەكرێت، لـە كـاتی یەكسان بوونی دەنگەكانـدا ئـەو لایەنە براوە دەبێت كە دەنگی سەرۆكیان لە گەڵدایە.

حەوتەم: وێنەیەك لە كۆنووسی كۆبوونەوەكان دەنێردرێت بۆ ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژینگە بە مەبەستی بە دوادا چوون.

هەشتەم: ماوەی ئەندامێتی ئەندامانی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوق دوو ساڵە، دەشێ نوێ بكرێتەوە دوای رازیبوونی سـەرۆكی ئەنجومـەنی پاراستن و چاككردنی ژینگـە، جگـە لە بڕگەی ( ٤ ) و ( ٥ ) لە ماددەی سێیەم كە ماوەی ئەنـدامێتان بـە( ٦ ) مـانگ دیـاری كراوە ( دەشێ نوێ بكرێتەوە ).

نۆیەم: سەرۆكی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوق بۆی هەیـە هـەر ئەنـدامێك لابـدات كـە نـەتوانێ ئەركەكـەی خـۆی ئـەنجام بـدات، یـا لـە ( ٣ ) كۆبوونـەوەی سـاڵانە ئامـادە نـەبێت بـەبێ بیانویەكی گونجاو، دوای بڕیاری سەرۆكی ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژینگە.

دەیەم: ئەندامێكی دیكەی لە جێ دادەنرێت بە پێی ئەو بڕگانەی كە لە خاڵی یەكەمدا هاتووە.

یازدەهەم: پێویستە رەچاوی هاوسەنگیی نوێنەرایەتی پشتیوانەكان بكرێت.

**ماددەی چوارەم :**

سندوق كەسایەتییەكی مەعنەوی دەبێت و دارایی و بە ڕێوەبەرایەتییەكی سەربەخۆی دەبێت.

**ماددەی پێنجەم :**

سـندوق بودجـەی تایبـەت بـەخۆی دەبێـت و داراییەكـەی بـە دارایـی گـشتی لـە قەڵـەم دەدرێـت. سندوق بودجەی سەربەخۆی دەبێت ، ساڵی دارایی سندوق لە ڕۆژی یەكەمی مـانگی كـانوونی دووەمـی هـەموو سـاڵێك دەسـت پێـدەكات و بـە كۆتـایی هـاتنی رۆژی سـی و یەكـەمی مـانگی كانوونی یەكەمی هەمان ساڵ كۆتایی دێت .

بەجۆرێ یەكەم ســــاڵی دارایی سندوق لە بەرواری دەست بە كاربوونی سندوق دەست

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

پێدەکات لە دوای کارپێکردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییانە و کۆتایی دێت بە کۆتایی هاتنی دەوامی ڕۆژی سی و یەکی مانگی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵە.

**ماددەی شه شەم :**

**داهاتەکانی سندوق**

داهاتەکانی سندوق لەم سەرچاوانەی خوارەوە پێکدێت:

١. ئەو بڕە پارانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانی دەکات.

٢. ئەو بڕە پارانەی کە حکومەتی فیدراڵ تەرخانی دەکات.

٣. ئەو بڕە پارەیەی کە لە بودجەی پارێزگاکانەوە تەرخان دەکرێت.

٤. ئەو یارمەتی وبەخشینانەی لەلایەن حکومەت و دەستە و کۆمەڵە و ڕێکخراوە بیانی و ناوخۆییەکان و تاکی عێراقی و بیانی دەبەخشرێن.

٥. ئەو کرێ و رسوم و باجە ژینگەییانەی بە پێی یاسا کارپێکراوەکان وەردەگیرێن.

**ماددەی حەوتەم :**

ئەو بڕە پارانەی لە بەرامبەر زیان گەیاندن بە ژینگەی هەرێم وەردەگیرێت لەو سندوقەدا هەڵدەگیرێت.

**ماددەی هەشتەم :**

